Journal of UOR
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین
Journal of University of Raparin

# ڕەنگدانەوەی ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە شیعری کوردیدا

**د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف**
بەشی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

بەرهەمی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵک دژی ستەم و زۆرداری ڕژێمە خوێنمژ و چەوسێنەرەکان، گەر سەرکەوتن بەدەست بێنێ، بێگومان گۆڕانکاری دیتەئارا و چەوساوەکان بەئازادی شاد دەبن، یەکسانی و دیموکراسی دەبێتە دەستوری کۆمەڵ و سەرجەم خەڵک ئاسودە دەژین، بەڵام بەمەرجێک پێشەنگ و ڕاپەڕین ڕێنەگۆڕن و لە ڕاستەڕێی ئامانجە گشتیەکان لانەدەن و پیرۆزییەکان پێشێل نەکەن، شاعیرانیش کە ڕۆڵی بەرچاو دەبینن بەنوسینی شیعری حەماسی و جۆشدانی جەماوەر بۆ ڕاپەڕین و تێکۆشان، بێگومان ئەنجامی ڕاپەڕین کاریگەری لە سەریان دەبێ بەهەردو دیوە چاک و خراپەکەیەوە، ڕاپەڕینی(١٩٩١)ش لەهەمو بوارەکانی ژیاندا، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، ئەدەب، ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەبو، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا باسمان لە ڕەنگدانەوەی ڕاپەڕین لە شیعری کوردیدا کردوە، توێژینەوەکەمان لە سێ بەش پێکهاتوە، سەرەتا لە بەشی یەکەمدا بەگشتی باسمان لە چەمک و پێناسەی ڕاپەڕین کردوە بەگشتی، دواتر باسمان لەهەندێ لەڕاپەڕینەکانی جیهان کردوە، لەبەشی دوەمی توێژینەوەکەشمان کە لەدو تەوەرە پێکهاتبو، باسمان لەدو ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٨٢ی شاری قەڵادزێ کردوە، لە بەشی سێیەم کە لە سێ تەوەرە پێکهاتوە، تەوەری یەکەم باسمان لە شیعری کوردی پێش ڕاپەڕین کردوە بە نمونەی شیعریەوە، لە تەوەرەی دوەم باسمان لە مێژوی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کردوە، لەتەوەری سێیەمیشدا باسمان لەڕەنگدانەوەی ڕاپەڕین کردوە لە شیعری کوردیدا، لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی ئەو سەرچاوانەمان خستۆتەڕو، کە لە توێژینەوەکەدا پشتمان پێبەستون و سودمان لێ بینیون.

## کلیلە وشەکان:

ڕاپەڕین، ئازادی، شەهید، ڕانیە، خوێن، ستەم.

## Article Info:

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(1).Paper1
**Received:** 19-February-2022
**Accepted:** 13-March-2022
**Published:** 20-March-2022
**Corresponding Author E-mail:**
abdulwahid.idrees@koyauniversity.org
**Copyright**©2022 Journal of Raparin University.

## پێشەکی:

ڕەنگدانەوەی ڕاپەرینی ١٩٩١ لەشـــیعری کوردیداراپەڕینی ١٩٩١ روداوێکی مێژوویی گەورە و وەرچەرخانێک بوو لەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەلکی باشوری کوردستان،ئەم راپەڕینە وەڵامی گەلی کوردبوو بۆ رژێمی خوێنڕێژ و تاوانباری حزبی بەعس و سەدام حوسێن، کە بەدرێژایی ساڵانی حوکمرانی خوێنی گەلی کوردی دەمژی و دەیویســـت بە کوشـــتن و لەســـێدارەدان و کیمیاباران و ئەنفال کردن نەتەوەی کورد لەســـەرخاکەکەی بســـڕێتەوە،بەڵام نەیتوانی تەواوی پیلانەکەی جێ بەجێ بکات ،راپەڕین خەونەکانی لە گۆرنا،بۆیە راپەڕین کاریگەری لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان هەبوو،ئەدەب و شیعریش وەک لقێکی زیندووی ئەدەب ،هەموو ئەو روداوانە کاریگەریان لەســەر هەســت وناخی شــاعیران هەبووە،بە وێنەی شــیعری جوان باسیان لەراپەڕین کردووە،لەئاست دیاردە دزێوەکانیش دیسان هەستیان جولاوە،وەک کەسێکی خەمخۆری گەل بەگژ رەفتاری قێزەونیش داهاتوون و ریسوایان کردوون، چونکە ئەوراپەڕینە بەرهەمی خوێن و خەباتی ســاڵەهای گەلی کوردســتانە،دوای گەڕانێکی ورد ،هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمیم بەرچاونەکەوت لە م رووەوە کە توێژینەوەکەم بۆتەرخان کردووە، لای من وەک توێژەرێک ئەم روداوە جێی گرنگی پێدان بوو ،بۆیە بەم توێژینەوەیە باســم لەرەنگدانەوەی راپەڕین کردووە لەشــیعری کوردیدا ،توێژینەوەکەم ســێ بەشــە،لە بەشــی یەکەم باســم لەچەمک و پێناســەی راپەڕین وراپەڕینە بەناوبانگەکانی جیهان کردووە،لە بەشــی دووەم باســم لەدوو راپەرینی گەورە و مێژوویی کردووە لە باشوری کوردستان بە نمونەی شیعری چەند شاعیرێک کە لە راپەڕینەکــان دواون،لە بەشـــی ســـێیەم لەتەوەرەی یەکەم بـــاســـم لە شـــیعری کوردی پێش راپەڕین کردووە،لەتەوەرەی دووەم باســـم لە مێژووی ســـەرهەڵدانی راپەڕینی ١٩٩١ کردووە کە بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیووە، لەتەوەرەی سێیەم رەنگدانەوەی راپەڕینم لەشیعری کوردیدا بە نمونەی شیعری چەند شاعیرێک ئاماژە پێداوە و لەچەند خاڵێک ئەنجامی توێژینەوەکەم خستۆتە روو،توێژینەوەکەم لەســەر ڕێبازی شــیکاری مێژوویی ئەنجام داوە، لەکۆتاییدا پوختەی ئینگلیزی و عەرەبی و لیستی سەرچاوەکانم داناوە.

## بەشی یەکەم

## تەوەرەی یەکەم

## چەمک و پێناسەی ڕاپەڕین

ڕاپەڕین جامی پڕبوی ڕق و تورەیی کۆمەڵانی خەڵکە لە دەسەڵات و بەرەنگاربونەوەی خوێنمژی زۆردارانە، ڕاپەڕین گڕکانێکی گەورەی جەماوەریە، کە لە ئەنجامی جەور و ستەمی داگیرکەرانەوە دژ بە هەر گەلێکی ستەملێکراو ڕودەدات.

ڕاپەڕین، لە ئەنجامی پڕبونی ڕق و کینەی خەڵکی ستەم لێکراو و ستەمدیدە دژ بە هەر حوکمێکی دکتاتۆریە، کە لە هەر وڵات و نەتەوەیەکدا هەبێ، جا ئەو حوکمە دیکتاتۆری یا کۆماری یاخود پاشایەتی بێت، ئەو نەتەوەیە هەوڵدەدات بۆ لابردنی ستەم و زۆرداری دکتاتۆری و نایەکسانی لە وڵاتدا و هێنانە کایەی وڵاتێکی یەکسان و دادپەروەر و لابردنی ئەو مۆتەکەیەی کە لەناخی مرۆڤە چەوساوەکان و ستەم لێکراوەکاندا ساڵەهای ساڵە دروستبوە، نمونەش بۆ ئەوە ئەو ڕاپەڕینە مەزنانەن کە لەجیهاندا ڕوویانداوە، وەک ڕاپەڕینەکانی سەدەکانی (١٧/ ١٩/١٨) کە لەوڵاتانی ئەوروپادا ڕوویانداوە و بۆتە هۆی لابردنی ئەو دەسەڵاتە شۆڤینیانەی دژی خەڵک بون و لابردنی ڕژێمی دیکتاتۆری و هێنانەدی حوکمێکی دیموکراسی بۆ نەتەوەکەیان.

ئێمەی کوردیش بێبەش نەبوین لەغەدری ڕژێمە دیکتاتۆرییە یەک لەدوای یەکەکان، کە ساڵەهای ساڵە کورد دەچەوسێننەوە، بەچەندەها شێوەی جۆراوجۆر هەوڵی تواندنەوەی کوردیان داوە، بەڵام خۆشبەختانە کوردیش وەک نەتەوەکانی دیکەی دنیا توانیویەتی ئەو ڕاپەڕینە گەورەیە ئەنجام بدەن دژ بە لەناوبردنی دیکتاتۆریەت.
لەوانە: ڕاپەڕینی گەورەی بەردەرکی سەرا دژ بە ئینگلیز، ڕاپەڕینی خەڵکی قەڵادزێ لە ساڵی (١٩٨٢) دژ بەڕژێمی بەعس، لەهەموشیان گرنگتر ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) ئەویش هەر دژ بە ڕژێمی بەعس بو، کە ساڵەهای ساڵ بو کورد لەژێر دەستیدا دەیانناڵاند، بەڵام خۆشبەختانە بۆ یەکجاری لەناویبرد و لەژێر دەستی ڕزگاری بو.

## پێناسەی ڕاپەڕین

١- چەمکی شۆڕش و ڕاپەڕین لە هزری سیاسەتدا مشتومڕو لێدوان و گفتوگۆی زۆری لە سەر دەکرێت، لەلایەن بیرمەند و سیاسەت و کۆمەڵناسەکانەوە بەدرێژی قسەی لەسەر کراوە، کە لێرەدا پێناسەکانی ڕاپەڕین و شۆڕش لە تێڕوانینی چەند کەسێکەوە دەخەینەڕو، هەر بۆیە پێناسە و چەمکەکانیشی هەمەجۆرن، بە بڕوای من ئەوەندە چەمکی ڕاپەڕین تاوتوێ نەکراوە، چونکە شۆڕش خاڵی گواستنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیە بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی تازە، یاخود شۆڕش بریتییە لەو گۆڕانکارییە ڕیشەییە کتوپڕەی کە بە هۆکاری نائاسایی لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا ڕودەدات و لە توندوتیژیش بەدەر نییە.
ڕاپەڕین، شۆڕش و تێکۆشان و خەباتە لە پێناو گۆڕینی سیستەمی کۆمەڵ، گۆڕینێکی ڕیشەیی بۆ قۆناغێکی پێشکەوتوی دیاریکراو جێبەجێدەکرێت، جاری وا هەیە واقعێک (جا کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان ئیداری و دەزگایی یان زانستی و چاکسازی) بێت گۆڕانکاریەکی زۆری پێویستە، لەو کاتەدا دەڵێن ئەوەی نەگۆڕێت، شۆڕشێکی دەوێت، (مستەفا، ٢٠٠٩، ٢٣٥).
٢- ڕاپەڕین، تەقینەوەی ڕق و بێزاری پەنگخواردوی کۆمەڵانی خەڵکە دژی چەوساندنەوەو بێزاری و زۆرداری دەربڕینی هەمو ئەو خەم و قەهر و نارەزایانەی کە پێشتر کەڵەکە بوە لە نێو دو نانی گەرم هەڵگیراوە، تا ڕۆژی خۆی دێ، ڕاپەڕین باڵاترین شێوەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەرییە بۆ تێکشکاندنی دەسەڵاتی سیاسی بەهەمو دامودەزگاکان و ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێکردن، کە ڕەنگە بوبێتە کۆسپی واقعی لە بەردەم گەشەکردنی ئەو کۆمەڵگایە، هەروەها ڕاپەڕین پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ تێکشاندنی دەسەڵاتی سیاسی و دیکتاتۆری و جەماوەیش ئامرازی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیەتی، لەژێر زەبری مێژوی هەمان واقیعدا نەکات بەخۆیان دەدەن لەژێر سایەی ئاڵای ڕاپەڕین و گردبونەوە دەشێت شۆڕش بەحیزبێک یان چینێک یاخود کۆمەڵێک ئەنجام بدرێت، بەڵام ڕاپەڕین بەتێکڕا بەزۆرینەی جەماوەر نەبێ نایەتەدی، (مەزرینگ، ٢٠٠٤، ٥).
٣- ڕاپەڕینی یەکجارەکی بۆمبای ڕقێکی دێرینەبو، کە لەمێژو لەناخی تاساوی دڵ و هەست و نەستی کوردی چەوساوەدا دروستبو، ڕاپەڕین لە ڕاستیدا بوە وەچەرخان و ئاڵوگۆڕێکی گرنگ و بەرچاو لە شیعری ئەمڕۆی کوردستاندا، گەلی ستەم لێکراوی کورد (١٥٠٠) ساڵ لەمەوبەر لەلایەن گەلێ دوژمنی جۆربەجۆر و پێشێلکار و داپڵۆسێنەرەوە چەوساوەتەوە، بەتایبەتی بەشی خوارەوەی کوردستان و هەر سەرکوتیان کردوە، هاوکاتیش زۆرجار دەنگی هەڵبڕیوە دژی داگیرکەران ڕاوەستاوە و ڕاپەڕیوە، زۆر جاریش ئاکامی ڕاپەڕینەکەی پێچەوانەی خواستی خۆی بۆتەوە، بۆتە هۆی سەرکوتکردن و داپڵۆسینی زۆرتری لەلایەن دوژمنە دەسەڵاتدار و ملهوڕەکانەوە، بەڵام قەت نەترساوە و لە پێنەکەوتوە و لەخشتە نەبراوە، بەڵکو هەر شکستێکی کردۆتە ئەزمون و وانەیەک بۆ سەرکەوتن و هەردەم سورتر بوە لە شۆڕش و بەرهەڵستکاری و قوربانیدان لەپێناو گەیشتن بەئاوات و بەدەست هێنانی ئازادی و زاڵبون بەسەر داگیراوی خۆیدا(عەباس، ٢٠٠١، ٢٨).

٤- هەر دەربارەی چەمكی ڕاپەڕین پرۆفیسۆر (جولیان فۆرید) جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەكاتەوە، ئامانجی شۆڕش دروست كرنی مرۆڤی نوێیە، كە خودی شۆڕش لەسروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤدا دروست دەبێت، كە لەو شۆڕشەدا مرۆڤی كۆن زۆر بەباشی ڕۆڵی نابێت و دەرناكەوێت.

٥- بەبۆچونی كۆمەڵناسان ڕاپەڕین بەشێوەیەک سەرهەڵدەدات كاتێ كۆمەڵگا گۆڕانكاری زۆر بەسەردادێت واتە ژمارەی دانیشتوان زۆر دەبێت توانای عەقڵیشیان زۆر زیاددەكات، لەو كاتەدا پێویستە گۆڕانكاری بكرێت و شۆڕشێک بەسەر دەسەلاتدا ئەنجام بدرێت تاوەكو گۆڕانكاری كۆمەلایەتی بێتەدی وەک خواستی كۆمەڵگا دەیەوێت، (مستەفا، ١٩٩١، ٢٦٥-٢٨٥).

بەڕای ئێمە ڕاپەڕین ئەنجامی ستەم و چەوسانەوە و نایەكسانی بەرهەمی دێنێت، كە ڕژێمە زۆردار و خوێنڕێژەكان بەرامبەر گەلان ئەنجامی دەدەن، بۆیە چەوساوەكانیش هیچ چارەی دیكەیان نییە جگە لەپەنابردن بۆ ڕاپەڕین و هێرشكردنە سەر دام و دەزگا داپڵۆسێنەرەكان بۆ ڕزگاربونیان لە چەوسانەوە و نایەكسانی.

### تەوەرەی دوەم

## ڕاپەڕینە بەناوبانگەكانی جیهان

ڕێنیساس، بریتییە لە بزوتنەوەیەكی فراوانی ئەدەبی و هونەری و زانستی و شارستانی، كە لەماوەی سەدەكانی (١٤، ١٥، ١٦) لەئیتالیا سەری هەڵدا، پاشان هەمو ئەورووپای گرتەوە، ئەم بزوتنەوەیە سەرەڕای تازەگەری و داهێنانەكانی لەسەر بنچینەی گەڕانەوە بۆ ڕیشەی شارستانییەكانی ئەوڕوپای كۆن دامەزرا و زیندوكردنەوەی كەلتوری دێرینی ڕێناس دروست بو، (مەولود، ٢٠٠٩-٢٠١٠).

لەئەنجامی كۆمەڵێک هۆی ناوخۆی و دەرەكی هاتەكایەوە، پێكەوە لە منداڵدانی كۆمەڵگای دەرەبەگایەتی ئەورووپادا كاری خۆیان كرد، كەواتە ڕێنیسانس بەحوكمی ئەو واقیعەی تێیدا لەدایكبو چ لە شێوەی تێڕوانین بۆ دیاردەكانی ژیان و چ لەبیركردنەوەدا ڕێبازێكی نوێی گرتەبەر، واتە بەپێچەوانەی بیروڕای كۆمەڵی كۆن و پەیوەندی بەدەرەبەگایەتییەكان بو، (مەزهەر، ٢٠٠٦، ٣٣-٣٤).

**١- شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ دەستی پێكرد:** كە تەنیا بۆ فەرەنسا ڕوداوێكی گرنگ نەبو، بەڵكو لە بواری شارستانیەتی لەهەردو سەدەكانی دواییدا لە ڕوداوە هەرە دیارەكانی ئەورووپا و دونیا بو، چونكە هەر بەڕاستی خاڵی وەچەرخانی بنەڕەتی بو لەسیستەمی پادشایەتی كۆندا، كە لەسەر چەوساندنەوە بنیاد نرابو، لە دەسەلاتدا پشتی بەمافی خودایی بەست بو و دەرگای سیستەمی ئازادی و كۆماری لەڕوی جەماوەردا خستە سەر پشت، كە لەسەر بنەمای ئازادی گەلان و یەكسانی لە نێوان تاكەكانیدا سەرچاوەی گرتبو، كە دەسەلات لە هاولاتییەوە بێ و لەژێر چاودێری ئەویشەوە بێ، ئەوەی فەرەنسا و هەمو ئەورووپا بەدەستیەوە دەیان ناڵاند بریتیبو لە باڵادەستی خانەوادەی پاشایەتی و حوكمی ڕەهایان، چینی دەست ڕۆیشتو دەستی بەسەر هەمو خێر و بێرێكی وڵاتەكەدا گرتبو، لەلایەكی تریشەوە كلێساكان بەناوی ئاینەوە خاوەن هەمو ئیمتیازاتێک بون لەهەمو خێر و بێرەكان سەر پشک بون لە باج و هەمو ئەركەكانی بەرامبەر بەوڵات بەشدار بون، (نەوار – نەعنەعی، و. خالید هەركی، ٢٠٠٩، ٢١).

یەكێ لەو سەركردانەی ڕۆڵی هەبوە لەشۆڕشدا (ڤۆڵتێر) بو، كە خۆی خستە مەیدانی جەنگ دژ بەهەمو گەندەڵییەكانی ناو حكومەت و خراپەیەكی ناو كۆمەڵ، لە دەوریشیدا كۆمەڵێک پشتیوان و سەربازی چاكسازی و زانایانی ئابوریناسی وەک (میرا بۆ) و زانایانی سیاسی وەک (مۆنتسكیۆ و ڕۆسۆ) زانایانی سروشتناسی وەک (لافوایە) هەبون، بە كورتی لەو كاتەدا فەرەنسا لە ژێر دەسەلاتی لویسی پانزەهەمدا بەرەو داڕمانی كارگێڕی

دەچو، فەرەنسا لە سەدەی هەژدەهەمدا لە ژێر دەسەڵاتێکی خۆ سەپێندا بو، کە پاشایەکی ڕەهای نابەرپرسیاری هەبو، پاشا باجی عەقاری لە هەمو ساڵێدا کۆدەکردەوە، لەو ڕێگەیەشەوە هەمو شتێکی تایبەت بە داهاتی دەوڵەتی کۆدەکردەوە، دواتر بەنهێنی دەیپاراستن و بەویستی خۆی خەرجی دەکرد و بەهیچ جۆرێک حسابی بۆ گەل نەدەکرد،(سالح، ٢٠٠٥،).

## ٢- شۆڕشی ئەڵمانیا (شۆڕشی ڕوناکبیری و فکری):

ئەم قۆناغە بە سەردەمی ڕۆشنبیری ناسرابو، لە سەدەی هەژدەمدا لە ئەڵمانیا دەستی پێکرد بەڕابەرایەتی (هێگڵ و کانت)(ڕێزان، ٢٠٠٩، کۆوانە). لە دوای دەرکەوتنی زۆر بەخێرای گەشەی سەند و لە بەشەکانی شانشینی نوێدا بڵاوبۆوە، مەشخەڵانی ژیانی ئابوری وڵاتی بەشێوەیەکی تەواوەتی گۆڕی، کە زۆر هێڵی ئاسن بۆ بارکردنی ئەو شمەکە نوێیانە دامەزران کە لە ڕادەبەدەربون، ئیدی کارگە گەورەکان تەواو زۆربون.

چینەکانی کرێکاران هەستیان کرد کە تەواو پێویستیان بە ڕێکخستنی ژیانیان هەیە، چونکە خاوەن پیشە تاکە کەسیان لەمە بەدوا نەیاندەتوانی سەربەخۆ کاربکەن و ڕکابەری مەکینە و ئامێرە نوێیەکان بکەن، چونکە ئەوان ماندودەبون و ئامێر ماندونەدەبو ئەوان بەرهەمەکانیان یەکیەکبون،(عبدالله، ٢٠٠١، ١٨٤).

لە ئەنجامی ئەم گۆڕانە مێژوییە لە سروشتی فەرمانداریەتی ئەڵمانیا، گەلی ئەڵمانیا بەر لە ساڵەکانی ١٩٧٠ پێش ئەوەی کار بۆ دیموکراسی بکەن کاریان بۆ یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا کردوە، لێرەوە ئەو کاتەی دوای یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا جۆرێک لە حوکمی پەرلەمانی بە گەل درا، ئەم پێدانە هی حکومەت بو نەک لە ئەنجامی هەوڵەکانی گەل هاتبێتە دەست، ئەوەی ڕاستی بێ گەل شانازی بە حوکمی جارانی بروسیای دەکرد، سەرەڕای ستەم و زۆرداری چونکە دەستکەوتی باشی بۆ ئەڵمانیا وەدەست هێنابو،(جليل، ٢٠٠٢، ١٤٠).

## ٣- شۆڕشی ئیتاڵیا:

ئیتاڵیا ساڵی ١٨٢٠ز تەنها ناوێکی جوگرافی بو، میتەرنیخ لە ساڵی ١٨٢٠زدا بەو جۆرەی وتوە ئەمەش ڕاستی بوە چونکە وڵات یەکێتییەکی سیاسی نەبو، لۆمباردویاو بندقیە لە باکور لە دەست نەمسا و باڤاریا و مۆدینا و توسکانیش لە ژێر دەستی فەرمانڕەوایی بەشێکی گەورەی خاکی هەردو سقلیەی دەکرد، لە ناوەڕاستیشدا دەسەڵاتی پاپا تا نیمچە دورگەی درێژبو، ئیدی بونی نەمسا و پاپا کە دەیتوانی هەر دەسەڵاتێکی کاتی ناو وڵات بکات وەک بەربەستێکی سەختی وڵات بو لەڕوی یەکێتی نەتەوی و یەکگرتنی شانشینی ئیتاڵیادا ناپلیۆن سەرەڕای ئەوەی خۆسەپێنو تاک دەسەڵاتی خۆی لە ئیتاڵیا پەیەڕەو دەکرد، بەڵام تۆوی چاکسازی چاندو یەکسانی سیاسی بڵاوکردەوە کارگێڕی ڕێکخستو هانی پرۆژە گەشتیەکانی داو چی کاریگەری سیستەمی دەرەبەگایەتی هەبو لەناوبرد، ئەو دەیویست دەوڵەتێکی یەکگرتوی ئیتاڵی پێکبهێنێت و ئەو دەستە بیانیە ببڕێت کە چەند سەدەیەک بو یارییان بە توانەکانی وڵات دەکرد، (برۆن، و: حبيب الله،٢٠٠٩، ٤٨٧).

## بەشی دوەم

## تەوەرەی یەکەم

## ڕاپەڕینە مەزنەکانی کورد و ڕەنگدانەوەیان لە شیعری کوردیدا

### ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا (شەشی ئەیلول):

ڕاپەڕینی شەشی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ لە سلێمانی کە بەڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا ناسراوە. گەلێک هۆکار هەبون بۆ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی جەماوەری دژ بەحکومەتی عێراق و ئینگلیزەکان، یەکێک لەوانە ئەوە بو لەبەیاننامەی

نێوان عێراق و بەریتانیادا ساڵی ١٩٣٠ هیچ بەندێکی باسی کورد و دۆزی کوردی نەکردبو، هەرچەندە حکومەتی ئەوکاتەی (نوری سەعید) بۆ چەواشەکردنی ڕای کورد بەیاننامەیەکی بلاوکردەوە، کەزمانی کوردی ڕەسمی دەبێت لەکوردستان، بەلام دواتر جێبەجێینەکرد (مستەفا، ١٩٩١، ل١٧-١٨). ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلول، ڕاچڵەکین و ڕقی پەنگ خواردوی خەڵکی کوردستان بو لە سیمای قێزەوەنی داگیرکەر و دوژمنانی ئازادی نەتەوەکەمان.

ڕوداوەکانی ساڵی ١٩٣٠ لەسلێمانی لە ناکاونەبو، بەڵکو هۆکارەکانی ڕەگی مێژویی و سیاسی قوڵیان هەبو بە تایبەتی کە ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا پەیوەندی بەچارەنوس و هیوا و ئاواتی گەلی کوردەوە هەبو، ئەوەی پێویستە لێرە ئاماژەی بۆ بکەین لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا سەرەتای ١٩٣٠ ژمارەیەک پەیماننامە لەنێوان هەردو حکومەتی عێراقی و بەریتانی مۆرکران کە لەزۆربەیان ئاماژە بۆمافەکانی کورد کرابو، بەلام هیچ یەکێک لەم بەندانەی لەناو پەیمانەکەدا هەبون، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە جێبەجێنەدەکران، ئەمەش بۆ چەندین جار پشێوی سیاسی و بزوتنەوەی چەکداری بەدوای خۆیدا هێنا، (شەریف، ١٩٨٤، ٦٨).

دەربارەی بەڵێنی حکومەتی عێراق، ئەوا لە کاتێکدا دەبوایە فەرمانبەران و مۆچەخۆرانی ناوچە کوردییەکان لە کوردەکان خۆیان بێت، کەچی لەکۆی (٣٢٤) فەرمانبەر تەنها (٧٣)یان کورد بون، ئەوانی دیکە عەرەب و تورکمان و ئاشوری بون، هەر ئەمەش وایکرد پەرلەمانتارە کوردییەکان چەند جارێک یاداشت پێشکەش بەسەرۆک وەزیرانی عێراق و نوێنەری بالای بەریتانیا لە عێراق بکەن و تێیدا داوای جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی (کۆمەڵەی گەلان) بکەن، بەلام داواکەیان پشتگوێ خرا.

لەڕاستیدا شەڕ نەبو خۆپیشاندان بو بۆ داوای مافی کورد هەرچەندە هەندێ لە خۆپیشاندەرەکان دار و تیلیان پێبو بەلام چەکیان پێنەبو، هێزێکی سوپای عێراق بەناو خەڵکدا دەڕۆن بۆ سەربانی سەرا، ئیتر ڕوی ڕەشاش و تفەنگەکانیان تێدەکەن و زۆر نامەردانە و بێ ڕوحمانە (٤٨) کەسیان لێ شەهید و بریندار دەکەن، ئیتر ئەو نەخشەی ئەو سوپایە کە توشی کورد ئەبێ کە نزیکەی سێ چارەگە سەدەیە بەردەوامە، (بابان، ٢٠٠٤، ٤٨).

گەرچی بۆنی پەیمانی ساڵی ١٩٣٠ نەوتی پێ بەرز دەبۆوە، بەلام تا ئێستا ئەندازەیەکیش باری گرانی حوکمی ئینتدابی لە سەر عێراق سوک نەکردبو، ڕۆڵە هۆشیار و دڵسۆزەکانی کورد هەستیان دەکرد بەستنی پەیمانی ١٩٣٠، کۆت و زنجیری دیلیەتی لەسەر کورد گرانتر دەکات، مافی ڕەوای گەلی کورد گەر بەتەواوی پێشێل نەکرابێ ئەوا بەدڵنیاییەوە پشت گوێ و فەرامۆش دەکرێت، بۆیە لەڕۆژی شەشی ئەیلولدا شاری سلێمانی خرۆشا... گەورە و بچوک، پیر و منداڵ، دەوڵەمەند و هەژار، هەریەکەیان چیان بەدەستەوە هات بردیان و خۆپیشاندانێکی گەورە ڕویداو بەرەو دەرکی سەرا ڕۆیشتن، (ئاگرین، ١٩٩٦، ١٢٣-١٢٤).

لە ڕۆژی شەشی ئەیلول کە بەڕۆژی ڕەش بەناوبانگە ئەو ڕۆژە ڕۆژێکە لەڕاپەڕینەکانی گەلی کورد، بەهۆی هەڵبژاردن و ئیستفتایەکی درۆوە، گەلی کورد لەشاری سلێمانی خۆپیشاندانێکی زۆر گرنگ دەگێڕن، لەئەنجامدا سەربازانی میری کە لەبەرامبەر لاوان، بەیەکەوە هێرش ئەکەنە سەریان و دەستڕێژیان لێدەکەن و چەند کەسێک شەهید دەکرێت، چەند کەسێکیش زامدار دەبێ، خوێندەواران و مامۆستایان هەمویان کە لەبەندیخانە تونددەکرێن، بۆ ئەم کارەساتە ناهەموارەش زۆربەی شاعیرەکانی ئەو سەردەمەی جولاندنەوە هەر شاعیرێک بەجۆرێ باسی کردوە، بێکەس شیعری (ئەی وەتەن مەفتونی تۆم شێوەتم بیرکەوتەوە)و ئەخۆڵ بەکوڵ فرمێسک هەڵڕشتن، گۆران بەشێوەی تایبەت لێیدواوە، پیرەمێرد پاش ناردنی وەفدەکە کە شیعرە بەناوبانگەکەی وەفدی کوردستانی وت، حەمدیش بەشیعرێکی جوان و بەرز و بەسۆز باسی ئەو ڕۆژە دەکات و دەڵێت:

بۆ هەوا ئاڵۆزە بۆچی لێڵ و سورە ئاسمان

گێژەلوکەی نەگبەتی یا فیتنەی ئاخر زەمان

هەوری قەهرە مەوجی دەریای غەزەب دێنێتە جۆش
یا فوغان و دوكەڵی ئاهی هەناسە ساردەكات
ڕەنگی گوڵ بۆچی پەڕی، بولبول دڵی بۆچی شكا
ناكرێ ئەوەڵ بەهاری شادومانی بێ خەزان؟
بەفرە باریوە لەسەر بەختی ڕەشی خاكی وەتەن
یا بەدەم شەشتیرەوە فشێكی هەژارانە پژان (امین، ١٩٨٤، ١٣٧).

شاعیر لە شیعرەكەیدا بەوپەڕی ئەمانەتەوە ڕوداو و كارەساتە جەرگبڕەكانی ئەو ڕۆژەمان بۆ ئەگێڕێتەوە، ستەمی داگیركەر و دوژمنانی كوردان دەخاتە بەرچاو، لە شیعرەكەیدا هەست بە دەسەڵات و بەهرە و وزەی شاعیر لە هونەری شیعرەكەیدا دەكرێت، چەندین دیمەنی شیعری پێشكەشكردوین، كە مرۆڤ لەئاستیدا بەچۆكدا دێت، لەدێڕی سێیەمیدا چەند جوان و ڕەوان دەپرسێ ڕەنگی گوڵە سورەكە كە بۆچی پەڕی واتە زەردو و سپی بو، (عبداللە ئاگرین)یش دەربارەی ئەم شیعرە دەڵێت: (ئەمە وێنەی ڕەوانبێژی ناسك و هەست بزوێنەر و گەر بەراورد بكرێ تەواو لەگەڵ ڕەنگی سور و ئاڵی ئەو ڕۆڵە پێگەیشتوانەی خۆپیشاندانیان كرد، پاش دەستڕێژی گوللەباران، دوای ئەوە لە خوێنی خۆیاندا دەتلانەوە و ڕەنگە سورەكەیان سپی هەڵگەڕا) (ئاگرین، ١٩٩٦، ١٢٣-١٢٤). شاعیر لەشیعرێكی هەستبزوێن ئازاری ئەم كۆستەی دەربڕیوەو بەزمانێكی شیعری و ئاوێتە بەڕەوانبێژی.

گۆران لە شیعرێكیدا باسی ئەو ڕۆژە دەكات بەناوی شەهید
(بەیادی شەشی ئەیلولی شەڕی بەردەركی سەراوە):
هەزار و نۆسەد و سی بو ئەیلول ڕۆژهەڵات!
غریوی ویستنی حەق كەوتە ناو شاری سلێمانی
(هەڵۆ بەرگ) ئەو جوانیەی پڕ دڵی بو بۆ وەتەن ئاوات
لەپێش حەمحێكە و تا بەرسەرا ڕوی هەڵمەتی هانی
بڵێ بەبوكی تازەی یەك شەوەم گەر هاتە سەر نەغشم
نەڵێ خۆی بۆ وەتەن كوشت و لەڕێی عیشقی من نەژیا
وەزیفەم بو لەپێناوی وڵاتێكدا سەرم بەخشی؟
كەتۆی پەروەردە كرد بۆ من لەداوێنی چیاو كەژیا
گەر خوای گەورە بەخشی بەتۆ هەتیوێ
پێی بڵێ ڕۆڵە لەمن فرمێسكی دەویست و لە تۆش تۆڵە (كەریم، ١٩٨٠، ٢٦٥-٢٦٧)

شاعیر لە پاش دو ساڵ، ساڵی ١٩٣١ ئەم شیعرەی لەهەڵەبجە نوسیوە لە ڕۆژی یادكردنەوەی بەردەركی سەرادا، ڕوداو و دیمەنەكانی ئەو ڕاپەڕینەمان لەچوارچێوەی شیعرێك بۆ دەخاتەڕو، باس لەو ناهەقی و نەهامەتییە كە لەو سەردەمە بەرامبەر خەڵكی شاری سلێمانی دەكرا، كاتێك دەڵێت بڵێ بەو بوكی تازەی یەك شەوەم، نیشتمانەكەی خۆی دەكات و بەوەی كەچۆن تازە بوكێك دێت ئاوا لەم ڕووەوە ئاماژە بەتازەبونەوەی خاكی كوردستان دەكات بەهۆی ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینەی كە لە سلێمانی ئەنجامدرا.

پیرەمێردیش هەر بۆ ئەم كارەساتە بە خەم و پەرۆشی زۆر بۆ بە فیرۆدانی خوێنی جەماوەر شیعرێكی نوسیوە:
ئەوانەی كەوا كاریان بەدەستە
كەهات لەڕەئیا بون بەدو دەستە
ئەگەر هەردولا بۆ گەل خێر خوابن

هیواداری ڕاست بەخێری خوابن
بەحوسنی نییەت کار دەبەنە سەر
درەختی ئەمەل بۆیان دێتە بەر
فەرمودەی نەبی بۆمان حوججەتە
کە ئیختیلافی ئەمەت ڕەحمەتە
بەڵام غەریزەی شەخسی کەوتە ناو
ڕەحمەت زەحمەت دراومان دۆڕاو
من لاوی وانەدی کە ٦ی ئەیلول
بەردەرکی سەرای کرد بەگەردەلول (پیرەمێرد، ٢٠١٢، ٢١٠)

لێرەدا دەکرێ ئەو ڕاستییە بخەینەڕو، کە پیرەمێرد لەڕۆژی شەشی ئەیلولدا یەکێک بو لەو کەسانەی کە ڕاپەڕینەکەی بەپەسند زانیوە، بەڵام هاوڕا نەبوە لەگەڵ ڕابەرانی ڕاپەڕینەکە، بەلای ئەم، ئەو دو هەڵوێستە ئاسایی دەبون ئەگەر هەردو لا لەبازنەی گشتی بخولایانەوە نەک لە بەرژەوەندی بازنەی کەسی و ئەو هاوڕانەبونەیان دەبێت بە کارەسات و لەتبونی لێدەکەوێتەوە.

یان لە شیعری (وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان)

زۆر بەسوکی دەڕوانێتە ئەو وەفدە کە دەچنە بەغدا، بەنوێنەری میللەتیان نازانێ و ڕیسوایان دەکات:

وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان
هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان
چەپکێ لەگوڵەکەی باخەکەی سەرا
کە بەخوێناوی میللەت ئاو درا
بیبەنە خزمەت عەرشی عێراقی
بڵێن یار باقی هەم سوحبەت باقی
پەردە و تارای سور بەرن بۆ ئەمیر
بڵێن باش کوشتار، هێشتا تۆی دڵگیر (ئاشنا، ٢٠٠٩، ١٦٠).

(شێخ نوری شێخ سالح)یش بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە بۆ ماتەمینی ٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ شیعرێکی داناوە و تێیدا دەڵێت:

دوبارە دڵ لەداخی وەتەن پڕ لەمیحنەتە
لەم مەنزەرەی فەلاکەتە لەم دەرد حەسرەتە
حەقیبە فەلەک بەجارێ سەری خۆی لەخۆم بنی
بگری فەلەک بەشی نەوە بۆ ئەم موسیبەتە
بەرقاپی سەرا بۆتە دەشتی کەربەلا؟
یا مەزهەبی گرۆهی وەتەن خواهی ئومەتە؟
ماهی موحەڕەم ئەمە شینی حوسێنە یا
ئەیلولە ڕۆژی شیوەنە، ماهی فەلاکەتە؟
هەر نەقشی لاوی کوردی ستەم دیدەی غەمە
غەڵتانی خوینچنە، نائیلی ڕوتبە شەهادەتە (عەبدولواحید، ٢٠٠٨، ٥٤٥)

شاعیر لەو شیعرەدا باس لە خەمی نیشتمان دەکات کە دوبارە مەینەت و خوێنڕژان یەخەی دانیشتوانەکەی گرتوە، وە شاعیر ڕو لە فەلەک دەکا، کە هاواردەکات شارەکەی بەکەربەلا چواندوە کە حەسەن و حوسێنی تێدا کوژرا و خەڵکی سلێمانیش ئاوا کوشت و بڕکراون، قارەمانیەتی و خۆڕاگری بێ وێنەیان نواندوە گەرچی ڕاپەڕینەکەشیان سەرکەوتو نەبو.

(بێکەس)ی شاعیریش لە خۆپیشاندانەکە دەگیرێت و زیندانی دەکرێت، هەر لەوێدا شیعری (ئەی وەتەن) دەنوسێت و دەڵێت:

ئەی وەتەن مەفتونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە
وەختی بەندی و ئەسارەت پێ بەتەوق و کۆتەوە
من لەزیکر و فیکری تۆ غافڵ نەبوم وا تێنەگەی
حەپس و تێ هەڵدان و زیللەت تۆی لەبیر بردۆتەوە
بەو خودایەی بێ شەریکە و لامەکان و واحیدە
عەشقی تۆ نەوعێ لەدڵما ئاگری کردۆتەوە
ئاگرێکی وا هەزار ساڵ ئاوی بڕژێنیتە سەر
قەت گڕ و کڵپە و بڵێسەی تا ئەبەد نەکوژێتەوە (بێکەس، ١٩٧٠، ٥٥).

## تەوەرەی دوەم

## ڕاپەڕینی جەماوەری قەڵادزێ لە ١٩٨٢/٤/٢٤

ڕاپەڕینی ٤/٢٤ لە ساڵی ١٩٨٢ گڕی پەنگ خواردوی ناخی خەڵکی ئەو شارەبو دژی بەعس، کە هەشت ساڵ لەمەوبەر گەورەترین تاوانی بە بۆمبارانکردنی ئەو شارە ئەنجام دا، دو ژنە تێکۆشەر و قارەمان شەهیدبون کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبو لەڕاپەڕینەکەدا. ڕاپەڕینی شارۆچکەی قەڵادزێ لە ٢٤ی نیسانی ساڵی ١٩٨٢ کە دینەمۆکەی ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بو لە ناوچەی پشدەر، لەو ڕۆژەدا خەڵکی قەڵادزێ یادی هەشت ساڵەی بۆردومانی ساڵی ١٩٧٤ی قەڵادزێیان کردەوە و لە سەر گۆڕی شەهیدەکان خۆپیشاندانیان سازکرد، بەڕێپێوان چونە ناو شار و ڕو بەڕوی هێزەکانی بەعس بونەوە کەتەقەیان لێ کردن و چەند کەسێکیان لێ شەهیدکردن.

ڕۆژی دواتر لەقەڵادزێ و ئۆردوگاکانی پێماڵک، ژاراوە، بەستەستێن، تەوسوران و شارۆچکەی سەنگەسەر بوە مان گرتنی گشتی، ڕۆژانی دواتر خۆپیشاندان و ڕاپەڕین ناوچەکانی سلێمانی، بەکرەجۆ، ماوەت، بنگرد، خەلەکان، ڕانیە، چوارقورنە، کەرکوک، سەلاحەددین لەهەولێر، پیرزین، مەلا ئۆمەر، سەلاحەدین، شەقڵاوە، باتوفە، شانەدەر، سەید سادق و هەڵەبجەی گرتەوە.

خۆپیشاندانەکان تا ١٠ی ئایار درێژەیان کێشا و خوێندکاران ڕۆڵێکی سەرەکیان تێدا گێڕا، دیارترین داواکانی خۆپیشاندەران بەرادانی گیراوە سیاسیەکان و هەڵوەشاندنەوەی سیاسەتی ڕاگواستنی گوندەکان بو، ڕاپەڕینەکە ٢٤ شەهید و بریندار و ٧٥١ گیراوی لێکەوتەوە، (ئەسەسەرد، ٢٠١٣، ٥٧١).

کاتێک لە ١٩٧٤/٤/٢٤ حکومەتی بەعس بەپێشکەوتوترین فڕۆکەی هێرش بەری بۆمب هاوێژی هێزی هەوایی سۆڤیەتی، بۆردومانی شاری قەڵادزێی کردو زیاتر لە ١٦٣ کەس شەهید و برینداربون لەگەڵ خاپورکردنی نزیکەی ٣٠ خانو، ٤٧ دوکان و دو چێشتخانە وێرانبون و ٩ بینای گشتی و چەند شوێنێکی تر کاولبون، (مستەفا، ١٩٩١، ٦٣).

ئەو ڕاپەڕینەی لە ١٩٨٢/٤/٢٤ ڕویدا بەبۆنەی ساڵیادی هەشتەمی بۆمباران کردنی شاری قەڵادزێ بو، ڕاپەڕینی قەڵادزێ چەند قۆناغێکبو، سەرەتا دەکرێ بەسێ قۆناغ ڕیزبەند بکرێ: قۆناغی یەکەم هەر لەسەرەتای خۆئامادەکردنەکەوە تا خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی ١٩٨٢/٤/٢٢ دەگرێتەوە، قۆناغی دوەمیش ڕۆژی ١٩٨٢/٤/٢٥ دەگرێتەوە کە بو بەمانگرتنی گشتی لەقەڵادزێو پیمالک و ژاراوە و بەستەستێن و تومەسوران و شارۆچکەی سەنگەسەر، کە تێکڕا پشتگیریان لە ڕاپەڕینی قەڵادزێ کرد و جادە و ڕێگای گشتی و تایبەتییەکانیان گرت، قۆناغی سێیەم لە ٢٦ تا ١٩٨٢/٤/٣٠ دەگرێتەوە کە ڕاپەڕینەکە بەشێوەیەک گۆڕا دوای ملکەچکردنی حکومەتی بەعس بۆ داواکارییەکانی گەل و لەو ماوەیەدا چەند کۆڕ و گفتوگۆ دەربارەی مەسەلەکان کراو کۆبونەوەیەکی گەورەش لە ڕۆژی ١٩٨٢/٤/٣٠ لەمزگەوتی شەهیدان بۆ ئەم مەبەستە سازکرا، لەو ڕاپەڕینەدا دو ژنە تێکۆشەر و قارەمان شەهیدبون کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبو لەڕاپەڕینەکەدا، دایە ئامینە و مامۆستا سنەوبەر، لەو ڕاپەڕینەدا لەشەوی ٢٤/٢٣ لەلایەن چەند کەسێکەوە لەوانە: (کوردستان ئیبراهیم، بەهرە حسێن، بەیارمەتی کاکە حمید عبداللە) چەندین لافیتە بەدروشمی جیاواز دەنوسران بەیانی ١٩٨٢/٤/٢٤ چەند ئافرەتێک لەوانە دایکە ئامینە و مامۆستا سنەوبەر لەسەر گۆڕستان دەستیان کرد بەهەڵواسینی لافیتەکان و دروشمی تر لەسەر گۆڕی شەهیدان، لەلایەن چەند کوڕێکی لاوی کە سەر بەڕێکخستنی نهێنی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان بون چەندین بەیاننامەو نوسراویان لەسەر گۆڕی شەهیدان هەڵواسی، (مستەفا، ١٩٩١، ٦٣).

ئەو دو ژنە تەحدای زەبر و زەنگی ڕژێمیان کردوە و چونەتە سەر گۆڕی شەهیدان یادیان کردونەتەوە، کە ڕژێم ویستویەتی لەگەڵ تەرمی شەهیدەکانیان بۆ هەتاهەتایە لەگۆڕیان بنێ، کە ئەوانیش شەهیدانی بۆمبابارانەکەی ١٩٧٤/٤/٢٤ بون.

کاتێک زانیویانە پشتیان بە سەرباز و زرێپۆش و چەکی قورس گیراوە گەڕانەوە بەو ڕێگایەی کە لێوەی هاتون، لەترسی دەستگیرکردنیان، چونکە دەسگیرکردنیش ئەشکەنجە و زیندانی و کوشتن و ونبونی هەتاهەتایەی دەگەیاند، چەکدارەکانی ڕژێم بەوەش ڕازینەبون دەستیان کردوە بە تەقە لە پشتیان بەسەر ڕاپەڕیوەکاندا، لەوێدا چەند کەسێک بریندار دەبن کەوا لێرەدا هەڕەشەی مەرگیش هاتەکایەوە بۆیە ڕاپەڕیوەکان ناچاردەکرێن کە بۆ چونە ناو شار ڕێڕەوەکانیان بگۆڕن کە ئەویش پەرینەوە دەبێت لە چەمەکە، دوای ئەوە لەو چەمە هەردو شوێنەکە دەبن بەیەک، شەوی پێشتر بارانێکی زۆر باریبو ئاو هەڵسا بو هاژەی دەهات، نەک ئافرەت و منداڵ لەوانەبو پیاوانیشی ڕاماڵی لەو پەرینەوەدا، ئاوەکە ئەو دو ژنە مەزنە دائەبەزێنێ ئەیان خنکێنێ، کەوابو دایە ئامین و مامۆستا سنەوبەر هەردوکیان قوربانی دەستی ناپاکی ڕژێمن و بە هەمو پێوەرێک شەهیدن، ئیتر دەبێ چۆنیەتی ڕاستەقینەی شەهیدبونیان نەخرێتەڕو(بابان،٢٠٠٤، ٢١٥).

گرنگترین ئەو دروشمانەی لەو ڕاپەڕینە دەوترا:

هێزی گەل لە بن نایە شەهید بون دکتۆرایە

بیست و چواری چوارە جێ کەڵبەی سەگی هارە

فاشیەکان هاتنە پێشەوە، ئەوسا هوتافی کەمان دەستی پێکرد:

الجنود اخواننا الفاشی اعدائنا

گوللە پەت و سێدارە، ناترسێنێ ئەم شارە

کەم ژیان و کەڵ ژیانە دروشمی شەهیدانە

بروخێ حوکمی فاشی بۆخۆی و تولەو جاشی

الجنود اخواننا والفاشیون اعدائنا (علی، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن).

خۆپیشاندەران چوارینەیەكی كامەران موكریان دەگوت:

چاوم كردەوە دیم ئەم میللەتە دیمەنی ژینی قەنارە و پەتە
گوێم لە دەنگی ئاخ زرینگایەوە دەمم بە هاوار هەڵهێنایەوە
بۆیە هەر ئەبێ پشكۆی تۆڵە بم قوربانی خاک و هی ئەم خۆڵە بم(بابان، ٢٠٠٤، ٢١١).

كەژاڵ ئیبراهیم خدریش هۆنراوەیەكی بۆ ئەم كارەساتە نوسی بە ناوی نامرێ نەمر نیشتمانە شیرنەكەی / دایكە گولە و محمود خدر)

شارەكەی دوجار شەهیدم
چەند جارێكیش بۆمباران
هەزار جاریش زیندانی و لە سێدارەدان
بەڵام گەلۆ چاک بزانن
نە درەخت گەڵاو لقی خۆی هەڵوەراند
نە نێرگز بۆنی بڕایەوە
نە قەندیل سەری نزم بو
نە چیا بێ بەفر مایەوە
نە باڵندەی لە جریوە كەوت
نە كەو لە ڕەوەز تۆراوە
نە دایكە ئامینە پیر بوە
نە سنەوبەریش گۆڕاوە (خدر، ٢٠٠٠، ٤٢).

لەم شیعرەدا شاعیر باس لەوە دەكات گولە و محمود خدر دایک و كوڕبون دوای گوللەبارانكردنیان لە گۆڕستانی سەیوان لە سلێمانی دۆزاونەتەوە، ئەویش باسی چۆنیەتی دۆزینەوەی تەرمەكەیان دەكات یان دایكە ئامینە و مامۆستا سنەوبەر دو شێرە ژنبون لە ١٩٨٢/٤/٢٤ لەیادی هەشتەمین بۆمبارانەكەی ساڵی ١٩٧٤ شەهیدبون ((بابان، ٢٠٠٤، ٢٢٩-٢٣١).

## بەشی سێیەم

### تەوەرەی یەكەم:

### شیعری كوردی پێش ڕاپەڕین

لە شەستەكانی سەدەی ڕابردو تاوەكو ڕاپەڕینەكەی ساڵی ١٩٩١ ناكۆكی و ململانێیەكی گەورە لە نێوان گەلی كورد و داگیركەراندا هەبو، ئەو ململانێیە چارەنوسسازبو، بۆیە سەرجەم چین و توێژەكانی كۆمەڵگاكەمان لە ڕوبەڕوبونەوەیەكی دژواردا بو، تەنانەت (وجودی نەتەوەییمان، زمان، خاک، مێژو)شمان لەبەردەم دوڕیانێكی بون و نەبوندا بو، لە ڕۆژانی ئەو ململانێیەدا كە شاعیر بەشێوەیەكی تایبەتی ڕەنگ و دەوری واقیعی بابەتی ئەبێ چۆن دەوری خۆی لەو بوارەدا ببینێ، ئەبێ پێوەندی ئەو ڕۆژ و ساتانەی نوسەر لەگەڵ پێشمەرگە و شۆڕش و شەهیدان چۆن بێت.(بایز، ٢٠٠٣، ٥٩).

لە كوردستاندا شیعری بەرەنگاری لەو ڕۆژەوە پەیدابوە، كە كوردستان داگیركراوە و گەلی كورد ناچاربوە بەرەنگاری زوڵم و ستەمی داگیركەران بێتەوە، بەپێی بارودۆخ و هەڵچون و داچونی بەرەنگاربونەوەی سیاسەتیش ئەدەبی بەرەنگاری لەهەڵچون و داچون بوە.

دیاره شیعره نیشتمانیەکانیش لەقۆناغی خۆیاندا دەخرێنە خانەی شیعری بەرەنگارییەوە، جا ئەو شیعرانە بەپێی باری سیاسی و پلەی هۆشیاری هەر قۆناغە و شێوە و چەمکی تایبەتی خۆی بوە، لای خانی و عەلی گەرمۆکی لەشێوەی سۆز و خۆشەویستیدا بۆ خاک و نیشتمانی کوردی دەربڕاون، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی ئەو جۆرە شیعرانە بەگوڕ و کاریگەرتر بەگژ داگیرکەراندا چونەتەوە، لای حاجی قادری کۆیی هەستی کوردایەتی و هاندانیان بۆ دابینکردنی مافەکانیان ئاشکراو تیژترە.(خۆشناو، ٢٠٠٢، ١٤٠).

**شیعر لە پێش ڕاپەڕین بەدو شێوەبو:-**

١- ئەوانەی لەناو شارەکاندا دەنوسران و بەڕەمز گوزارشتیان لەنیشتمان و تێکۆشان و خەبات و چەوسانەوە دەکرد، وەک لەم نمونە شیعرییەدا دیارە:

ئەی گوڵی من ... دڵی من
ئەگەر خوێنی منیش تکایە گەروی ئەم ڕێگا تینوە
ئەوا خەیاڵ و سۆزی من
گوڵانی خۆشەویستی گۆی گوڵی سورن
بەهاوڕێکانی خۆم دەڵێم
لە تریفەی یادت کفنم بۆ بدورن (کامەران، ١٩٧١، ١٦).

شاعیر بەرەنگاری خۆشەویستی و دڵداری ئەڤین ئاوێتەی شۆڕش و پێشمەرگایەتی و ئازادی دەکات و دەڵێ هەمو جوانی و عەشقی دڵدارەکەی بخرێتە خزمەت ئازادی، شاعیر پێشمەرگایەتی هەڵبژاردوە لەڕێگای سەرفرازی گەلەکەی بکوژرێ، بۆیە ڕو دەکاتە دڵدارەکەی و پێیدەڵێ کە بەخەیاڵی ئەوەوە دەژی و گەر کوژراش هەر بەیادی ئەوەوە دەچێتە ژێرگڵ.

بەهەمان شێوە (لەتیف هەڵمەت) دەڵێت:

نمەی باران
گۆرانیەکی بێ دەنگ ئەنوسێ
لەسەر قژی مناڵەکانا لەقۆزاخەی تاریکیا
تووی ئازار ئەمژم
بۆنی هەوری زامەکانم ئەخۆمەوە
قورسایی دیوارەکانی ئەکەم کوڵم (هەڵمەت، ١٩٩٩، ٢٣٥).

بەشێک لە شیعری حەفتا و هەشتاکان بە ڕەمز دەنوسران، پێش ئەوەی باران بەرهەمێکی دابارێنێ قومبەلەیەک ئەتەقێتەوە، لەناو ئەو تەمومژی ڕەمزەکاندا وشەکان ڕیز ئەکەن، نەک هەر ڕوانگەییەکان، بەڵکو ئەم ڕەمزانە بەشاعیرەکانی تریشەوە دیارن.

٢- ئەوانەی تریش، کە لەشاخ دەنوسران بەئازادی و ڕاشکاوی باسی چەوسانەوە و شۆڕش و خەبات دەکات.

هونەرمەند و شۆڕشگێڕی گەلەکەمان (محمد جەزا) دەڵێت:

هۆکاکی پێشمەرگە شۆڕشگێڕی قارەمان
ناوی پیرۆزی تۆیە بۆتە وێردی سەر زمان
برسێتی ڕەنج کێشانت بۆتە پیشەی چەند ساڵە
ئەبێ هەڵکەی خەباتکەی دژی ئەم ژینە تاڵە (شەریف، ٢٠١١، ١٥٢).

شاعیر بە ئاشكرا وەسفی قارەمانیەتی پێشمەرگە دەكات، بۆ ئەوەی هەمیشە ئامادەی هێرش و پەلامار بێ و لە سەر خەباتە شۆڕشگێڕیەكەی بەردەوام بێ.

شاعیری بەرەنگارە بەزمانێكی سادە و پڕ واتا لەژیانی پێشمەرگەیەک دەدوێ كە لەگەڵ خەباتا هەڵبكا و بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو ژیانە سەختەی ڕوبەڕوی گەلەكەی بۆتەوە.

شێركۆ بێكەس دەڵێت: ((بۆ ئەو پێشمەرگانە دەنوسم لە سەنگەری بەرەنگاربونەوەی داگیركەرانی كوردستاندا دژی سیستەمی نەتەوایەتی و چینایەتی ئەجەنگان)) (بێستون، ١٩٨٦، ٣٦).

تەنیا لەلولەی تفەنگا

ئازادی چاوی هەڵدێنێ

هەق بانگ ئەدا

تەنیا هەر لە ئاستی چەكا

داگیركەر ملی كەچ ئەكا (بێكەس، ١٩٨٦، ٢٠).

ڕەمزی شیعری شێركۆ بێكەس لەساڵانی پێش ڕاپەڕیندا جیهان بینینێكی نەتەوایەتی و ئازادی كورد و سەربەخۆیی كوردستان لەخۆدەگرێت، بەشێوەیەكی تر بڵێین شیعری شێركۆ بێكەس (گەوهەری ستراتیژی نەتەوەییە) لەم شیعرەدا شۆڕش و خەباتی شاخمان دێنێتە بەرچاو، (بایز، ٢٠٠٣، ٥٩-٦٥).

شیعر لەپێش ڕاپەڕین لەناو زیندان و دەرەوەی زیندان بەم شێوەیە بو:

نمونەی شیعری دەرەوەی زیندان:

لەسەر كێلم بەبۆیەی سور بنوسن خۆشەویستانم

لەناو گۆڕا لەژێر خاكا، لەڕیزی دەست لەدەستانم

بە پەیمانێ كەمن دابوم بەكورد و خاكی كوردستان

بەنەعرەی ڕاپەڕین شەرتە كە بانگ كا من لەهەستانم (دیلان، ١٩٩٦، ٢١٥).

لەو ماوەیەدە دوای ڕوانگە شاعیران هەوڵیانداوە ڕێباز و ڕێڕەوی فكری و هونەری نوێ ی شیعری لە بەردەم شیعری كوردیا بكەنەوە، لەوانە گروپی هەولێر، هەندێک لە شاعیرەكانی هەولێر پێیان وایە لە هەشتاكاندا جیاوازییەک لەنێوان بەرهەمی ئەوان و بەرهەمی شاعیرەكانی سلێمانیدا هەبون ئەگەر شیعر لەشاری سلێمانیدا بارگران بێ بەمەبەستی سیاسی و كۆمەڵایەتی زەق و ڕاستەوخۆ، ئەگەر شاعیر لە جیاتی ئەوانی تر ڕوبەڕوی كێشەكان بوبێتەوە و دەنگی بەرز كردبێتەوە زۆربەی دەنگەكانیشی لەیەكتر چوبن ئەوا لە هەولێر (هێزی داهێنان ببوە مایەی مانەوە و ڕانەكردن)، (بایز، ٢٠٠٣، ٦٥).

نمونەی شیعری ناو زیندان كە شەهید مەلا عەلی دەڵێت:

شەهید مەلا عەلی لەزیندانی موسل بەشی (سێ دارە) ١٩٧٦/٨/١٨ دەڵێت:

مەرگی ئاوا ناگۆڕمەوە بەسەر ژین

ژینێكی سەرم بۆ دوژمن بێ بەپەرژین

سەربەرزیە كە پێڵاوم ئەبینن

بەسەر سەری دوژمنەوە لەبەرزین (ئەحمەد، ٢٠١٨، ١٢).

ئەم بیر و مردنە بەو هەمو ڕەهایی و ڕاهاتن و لەسەرخۆییەوە مامەڵەیەكی زۆر جوامێرانەیە، كە مردن ئەوەندەی تۆسقاڵێكی هەست و دەرون و بیركردنەوەی نەلەقاندوە یان باشتر بڵێم قۆناغی دوای مردنی بەكۆتایی ژیان

نەزانیوە و لای وانەبوە کە ئەمرێت و ئیتر هەمو شتێ کۆتایی پێدێت، بەڵکو لای وایە وەکو هەمو شتێکی زیندو لەگۆڕاندایە.

## تەوەرەی دووەم

## مێژوی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ١٩٩١

ڕاپەڕینی سەرتاسەری کوردستانێک کاری شەوێک و ڕۆژێک نەبوە، بەڵکو ئەم ڕاپەڕینە کارێکی زۆری بۆکراوە و پلانی مەحکەمی بۆ دانراوە، چەند مانگێک پێش ڕاپەڕین ئیشی بۆ دەکرا، لەکۆبونەویەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی پرۆژەیەک بۆ ئەو مەبەستە گەلاڵەکرا لە مەبەستی سازکردنی ڕاپەڕینێکی ئەوتۆ بۆ ڕاماڵینی هێزەکانی دوژمن شەڕی ناو جادە و شارەکان شەڕی سەنگەر بە سەنگەر هەڤاڵی تێکۆشەر نەوشیروان مستەفا جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەهاوکاری لەگەڵ هەڤاڵی دیکەی کۆمیتەی سەرکردایەتی دەورێکی بەرچاویان بینی بۆ دانانی ئەم پلانە و کوردستان پاژپاژ کرا بۆ چەند قاتعێک (١)سلێمانی، (٢) کەرکوک، (٣) ڕانیە و پشدەر، (٤) هەولێر، (٥) گەرمیان و هەڵەبجە و دەربەندیخان،(ڕێباز، ٢٠١١، ل٢٠٢).

یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین: ٣ -٥ ساڵی ١٩٩١ لە ڕانیە و حاجیاوا و چوارقورنە بو، لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا دەڵێت: ئێمە ڕانیەمان هەڵبژارد بۆ ئەوەی ڕاپەڕین لەوێوە دست پێبکات، چونکە ئێمە بارەگاکانی خۆمان لە شێێ و ناوزەنگ و زەڵێ و قاسمەڕەش بو، نزیکبو لەو ناوچەیە، هەروەها ڕانیە دەکەوێتە ناوەڕاستی کوردستانی عێراقەوە و هەروەها ئێمە بێجگە لەو ناوچانەی ڕانیە نەماندەتوانی لەهیچ شوێنێکی ترەوە هێزەکانمان بەرەو هەولێر بجوڵێنین، بەم شێوەیە بەرلەوەی ڕاپەڕین دەست پێبکات سەرجەم پارت و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان هەریەکە و بەپێی توانا و قەوارەی هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستن نهێنیەکانی ناو شار هەوڵی دەدا بەرنامە ڕێژی بۆ ڕاپەڕین دابنێت، لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە سەرەتای ئەو بەرنامەیە دانرا بو، کە نەوشیروان مستەفا (عەزیز بەگ و کوردۆی کوڕی) و پۆلێک پێشمەرگە بەسەرپەرشتی (سەلاح دیلمانی) ڕاسپارد تا دەوروبەری شاری ڕانیە بەڕێ بکەون، (ئیلنجاغی، ٢٠٢١، ٢٥).

٣-٦ ڕاپەڕینی ناوچەی بازیان و تاسلوجە: بەهەمان شێوەی ڕاپەڕینی ڕانیە ئامادەکاری بۆ کرابو.

٣-٧ ڕاپەڕینی شاری سلێمانی و سەرچنار: ڕاپەڕین لە سەرچنارەوە دەستی پێکرد، ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بەردەوام جەماوەر و شانە چەکدارەکانی ناو شاری سلێمانی ئاگادار دەکردەوە و بانگەوازی دەکرد و دەیوت (لەزمناکۆوە بۆ ئازاد ١٧٢٠)، ڕەتلی هەولێر و ڕانیە لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ لە زەڵێ بەڕێ کەوتین، بەڵام ڕەبیەکانی دوژمن تۆپ بارانێکی ئەوتۆیان کردین نەمانتوانی بپەڕینەوە بەناچاری شەو ماینەوە تاکو ئێوارەی ١٩٩١/٣/٦ ڕەبیەکانی سەر جادەی (سونێ) گیرا، بەڵام ئاو و هەوا ئەوەندە سارد بو بەفر و بارانێکی ئەوتۆ بو بەزەحمەت ئەو شەوەمان ڕۆژ کردەوە لەڕۆژی ١٩٩١/٣/٧ بەیەکجاری پاکسازی دەستی پێکرد، (عەبدولواحید ئیدریس، بەشداربوی ڕاپەڕین و پێشمەرگە)، حەوتی سێ زەماوەند بکەن ئێمەش دەگەینە لاتان، ئەو بانگەوازە بۆ شاری سلێمانی بو.

٨-٣-١٩٩١ ڕاپەڕینی نەسرو برایەتی و عەربەت و هەڵەبجەی تازە و سەید سادق: هەریەکە لەم ئۆردوگایانە جگە لەبارەگاکانی ئەمن و بنکەی پۆلیس و مونەزەمەی وقاشع جەیش شەعبی، چەندین فەوجی سەربازی و بازگەی سوپای عێراقی لێ بوە جەماوەر هەمویان کۆنترۆڵ کرد.

هەمان ڕۆژ چەمچەماڵ و پیرەمەگرون و دوکانیش ئازادکرا: ٩ -٣ی ١٩٩١ ڕزگارکردنی شارۆچکەی کەلار دوابەدوای ڕزگارکردنی ناوچەی بیتوێن و بازیان و سلێمانی لەژێر دەسەڵاتی بەعس ڕزگاری بو، پیاوانی بەعس لەدەڤەری گەرمیان بەتەواوی ورەیان بەردا پێش ڕاپەڕین لەکەلار دەست پێبکات.

لە هەمان ڕۆژدا دەربەندیخان و شەقلاوە و کۆیە: ١٠- ٣ی ١٩٩١ ڕاپەڕینی شارۆچکەی هەریر و پیرمام و باسرمە و تەق تەق و دیانە و ڕەواندوز و خەلیفان و دەوروبەری و کفری و خانەقین.

١١- ٣ی ١٩٩١ ڕاپەڕینی دوزخورماتو، شاری هەولێر و پردێ.

١٢- ٣ ساڵی ١٩٩١ ڕاپەڕینی بەردەڕەش.

١٣ -٣ ساڵی ١٩٩١ ڕاپەڕینی ناوچەی شێخان، مەخمور، زاخۆ.

١٤ – ٣ ساڵی ١٩٩١ ڕاپەڕینی شاری دهۆک.

٢٠ – ٣ ساڵی ١٩٩١ ڕاپەڕینی شاری کەرکوک.

بەرنامەی ئازادکردنی کەرکوک هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرنامەی وای هەبو، کە لەدوای ئازادکردنی ناوچەی (سلێمانی، هەولێر، گەرمیان) هێرش بکەن بۆ ئازادکردنی کەرکوک ئەویش لەسێ قۆڵەوە.

قۆڵی یەکەم: سلێمانی – کەرکوک، قۆڵی دوەم: هەولێر، قۆڵی سێیەم: لەناوچەکانی کەلارەوە بێت، (ئاغجەلەری، ٢٠٠٤، ٧٦).

## تەوەرەی سێیەم

## ڕانگدانەوەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە شیعری کوردیدا:

ڕاپەڕینی ١٩٩١ وەرچەرخانێکی مێژویی بو لە ژیانی پڕ مەرگەساتی خەڵکی کوردستان، لەم ڕاپەڕینەدا ڕژێمێک کە دەستی سوربو بەخوێنی خەڵکی کوردستان ڕاماڵدرا و دام و دەزگاکانی لەکوردستان وەدەرنرا، (ڕاپەڕین قۆناغێکی نوێی هێنایە کایەوە، ئەویش قۆناغی وەدەرنانی داگیرکەر و قۆناغی فەراهەمکردنی ئازادی و دیموکراسی بو لەکوردستاندا)،(بایز، ٢٠٠٣، ٧٥).

ئەمڕۆ لە کوردستاندا دو بیر و بۆچونی جیاواز لە نێوان نوسەران و ڕۆشنبیراندا هەیە لەمەڕ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا، دەستەیەکیان پێیان وایە سیاسەتی ئایدۆلۆژیا بەشێکی کاریگەرن لەژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگا، چونکە هەمو شتە شەخسی و گشتییەکان تێکەڵ بەیەکتربون، تاوەکو ئەمڕۆش لەکوردستان دا بزوتنەوەی سیاسی شیعری بەکتر تەواودەکەن، چونکە ئەدەب دەربڕینی هەست و خۆشەویستی هەستی شاعیر لەبەرامبەر کوردستان و میللەتەکەیدا بەڵکو لەسەرانسەری جیهاندا ((شیعر دەبێ سەرچاوەی جۆشدان و هاندانی خەڵک بێ بۆ ئازادی و ئیلهامی سەرکەوتنیان پێ ببەخشێ)) (بایز، ٢٠٠٣، ١٠٤-١٠٥)، ئەوانەی باوەڕیان وابو کە شیعر دەبێ هەڵگری پەیام و پێشەنگی خەڵک بێت بەشیعری حەماسی هانی گەل بدات بۆ هەڵمەت و ڕاپەڕین، پێویستە شاعیر (ئاڵا هەڵگری جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری بێت)، (شاملو، ١٣٧٨، ٣١٩).

ڕاپەڕینەکانی ئەو کات کاریگەریەکی زۆری هەبوە لە سەر شاعیران و لە شیعرەکانیان دا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە لەو کاتە دا خەڵکی نەیدەتوانی بەئازادی بیروڕاکانیان دەربڕن، شاعیران بەشیعر بەشداریان لەو ڕاپەڕینە مەزنانەدا کردوە و خەم و ئازار و خۆشی و ناخۆشییەکانیان خستوتەڕو، چونکە لەو کاتەدا لە پێش ڕاپەڕین هەتا ڕاپەڕین ئامێرەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی کردن ئەوەندە پێشکەوتو نەبو لەڕێگای شاعیرەکانەوە بەشیعر پێشکەش بەجەماوەریان دەکرد شیعریش ئاوا لەڕاپەڕین کاریگەریەکی زۆری بەهێزی هەبو.

شاعیری گەلان وەک عارفی قەزوینی لە کاتی شۆڕشی مەشروتە لەئێران دەچێتە ناو خەڵک و دەبێتە دەمڕاستی شۆڕشگێڕان بۆ پارێزگاری لەئازادی و سەربەرزی (سیانلو، ١٧).

شاعیرانی ئێمەش هیچیان کەمتر نەبوە لە شاعیرانی گەلانی دیکە و نمونەی شێرکۆ بێکەس کە هەمیشە لە بەرەی گەل و ئازادیخوازاندابوە. شاعیرێک کە بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەست و نەستەکانی لە شیعرێکی دورو درێژدا دەربڕیوە، ئەویش شێرکۆ بێکەسە:

بەناوی بەیانیتان باش؟؟
ڕاپەڕینتان باش!
بەیانیت باش....یەکەم قوربانی ڕاپەڕین.....بەیانیت باش
بەیانیت باش....ڕاستە شەقامی ڕانیە....کوڕانی شار کچانی شار
ئەی ئەو دەنکە هەڵوەریوانەی پەڕینە نێو ناخمانەوەو
بو بە گوڵجاری گوڵ هەنار(بێکەس، ٢٠٠٨، ٥٦٤).

شاعیر لەم شیعرەدا باس لەوە دەکات کە چۆن خۆری بەیانی هەڵدێت ئاوا ئازادی ڕاپەڕین بەسەر یەکەمین قوربانی ڕاپەڕیندا بێت و بەسەر شەقامەکانی ڕانیە و باس لە شەهیدانی ڕاپەڕین دەکات، شەهیدانی ڕاپەڕینی چواندوە بە گوڵە هەنار کە بەخوێنی ئەوان نیشتمان سور بوە و بوە بەگوڵجاڕی گوڵ هەنار.

کەژاڵ ئەحمەدیش پێیوایە ئەو سەربەستییەی ئەمڕۆ لە کوردستان هەیە فیداکاری و ماندوبونێکی زۆری دوای خەباتێکی دورودرێژ کەوتۆتە دەست گەلەکەمان، دیارە ئەویش لە سایەی پێشمەرگە و ڕاپەڕینەوە بوە.

چاوی پێشمەرگە ماچ دەکەم
چاوی خەڵکی ڕاپەڕیو
لەبەردەمی ئازادیدا
تاجی شیعر دادەنێم
دەنوشتێمەوە
ئەگەر ئەوان نەبونایە
کولەکەش ڕێگای نەدەداین
ئەم بانگە شیعرانە لەناو
کولەکەی ڕۆحیدا هەڵدەبن (ئەحمەد، ١٩٩٨، ٤٣).

ئەحمەد حسێن ئەحمەد: ئەویش وەک هەمو شاعیرەکانی تر شیعری بۆ ڕاپەڕین داناوە:

ڕاپەڕین و پاکسازی ١٩٩١/٣/٢٦
ئەمڕۆ دەستی پێشمەرگە بو بەشانەی جۆراوجۆر
دایهێنا پرچی زەردی کیژە کوردی بێچوە خۆر
لەدەمیدا ئازادی شەپۆل دەدا بەرەو کۆر
چینی گۆرگ و مشەخۆر گۆڕ دەنرێن کەم و زۆر
زەردەخەنەی خۆشبەختی چاو هەڵدێنێ لەوڵات
ڕیزی بەشدار و دڵسۆز دەردەکەوێ بۆ خەڵات
مەچەکی پۆڵایی شەهید دەبێتە دار ئەرخەوان
سەر دەردێنێ لەگڵکۆ لەگەڵ تیشک دەگرێ ژوان

ئەر كوردستانی فرمێسك ئەی سەرچاوەی دڵسۆزی
نەوەكانت بەیەك دەنگ تۆماریان كرد پیرۆزی
بەرگی ڕەشت فڕێدە بەیادە تالاوت
تاجی سەروەری دەرخە ئەوا دەركەوت هەتاوت (ئەحمەد،٢٠١٠، ٢٧٤).

شاعیر لەم شیعرەدا باس لەوە دەكات، كە پێشمەرگەكان دەستە بەدەستە هاتونەتە دەست دژی دوژمنان، كە وەك بێچوە شێر شوبهاندویەتی كە دوژمنان بەدەستی پێشمەرگە قارەمانەكان لەناوبران، كەم و زۆر كە بەهۆی ئەو ئازایەتی و بەجەرگیە دژی دوژمن جەنگان كەوا لە سایەی ڕاپەڕینە مەزنەكەوە شاعیر ئەم ئازادیەی بەوە شوبهاندوە كە تاجی سەروەری وەك هەتاو دەركەوتوە.

سدیق جوانڕۆیی لەشیعرێكدا ١٩٩١/٣/٢٥ نوسیویەتی:

موژدە بێ ئەی كورد موژدە لەئێوە
وا جارێكی تر كورد ڕاپەڕیوە
وەك بوركان بەڕوی دوژمن تەقیوە
پرزەی جاسوس و ئەمنی بڕیوە
سوپاس بۆ ئەو خوایەی وا جارێكی تر
حەبلی ڕەحمەتی بۆ كورد لەریوە
موژدەبێ كورد موژدە لەئێوە
وا جارێكی تر كورد ڕاپەڕیوە
لەشاری ڕانیەی دەرگای ڕاپەڕین
خەڵكی ئەوشارە لەبەعس ڕاپەڕین
لەناو كۆڵان و جادە و ناو بازاڕ
بیگرە و بیكوژە و ئەمن سەرببڕن (جوانڕۆیی، ٢٠٠٧، ٢٠٤-٢٠٦).

شاعیر لەم شیعرە سادەیەدا مژدەی سەركەوتن بەسەر زۆرداران ڕادەگەیەنێت و ئەم ڕاپەڕینەی بەبوركانێك چواندوە كە بەڕوی جەلاد و خوێنمژانی گەلی كورددا تەقیوەتەوە، و باس لەئازایەتی شاری ڕانیە دەكات وەك دەروازەیەك بۆ ڕاپەڕین و سەرەتایەكی پڕ لەهەناسەی ئازادی و سەركەوتن.

عەبدوڵا پەشێو لەشیعرێكدا باس لە ڕاپەڕین دەكات:

ماچەكانی بەهاری ١٩٩١
ساڵەهای ساڵ
لەزیندانێكی تاردا بوین
شەشدەری قورقوشم و پۆلا
گەلایەك بوین
دەچوین بەگژ ڕەشەبادا
جۆگەیەك بوین هەڵدەشاخاین بەدەریادا
لەپڕ زیندان كونی تێبو
دیوار قەڵشی
سەوزەلانێك چەكەرەی كرد لەبن پێدا

دنیا بۆمان گوێچکەی هەڵخست (پەشێو، ٢٠٠٨، ٣٢٢-٣٢٣).

مەبەستی شاعیر لەم هۆنراوەیەدا باسکردنی ژیانی سەخت و دژواری گەلی کوردە کە ساڵەهابو ژیان لەزیندانێکی تاریک زیاتر نەبو بۆیە ڕاپەڕین شکاندنی ئەو تۆق و پێوەندەبو کە کرابوە دەست و پێی خەڵکی کوردستان، ڕاپەڕین شەپۆلی دەریا بو کە دوژمنی ڕاماڵی و ئەمەش هەوێنی ژیانێکی ئازاد و دور لەچەوسانەوە بو.

شاعیرانی نیشتمانپەروەر شانبەشانی کۆمەلانی خەڵک بەوشە بەرەنگاری دوژمن دەبنەوە و بێباک لەوەی ئەگەر وشەکانی ببنە هۆی مەرگی خۆیان، (شاعیری ڕەسەن ئەو کەسەیە بەشمشێری وشەکانی خۆی سەر ببڕێت وەکو سوقرات و حەللاج)، (قبانی، ١٩٧٩، ١٧٩).

شاعیرانی شۆڕشگێڕ و دڵسۆزی گەل و نیشتمان لە کاتی بەرەنگاری و ڕوبەڕوبونەوەی ستەم پێشەنگی خەڵکن و لەکاتی ئاسایش ڕەخنە لەڕەفتارە دزێوەکان دەگرن کە هۆکاری ناشرینکردنی ڕاپەڕین بوە، محمد ڕەنجاو شاعیری خەمخۆر بەنیشتمان دەڵێت:

ڕۆژباش، مەفرەزە خاسەکانی دوێنێ و
پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەمڕۆ
ڕۆژباش ڕەفیق حیزبیەکانی جاران و
هەڤاڵە دڵسۆزەکانی ئەمڕۆ
ماڵئاوا نیشتمان (ڕەنجاو، ١٩٩٨، ٨٧).

شاعیر کە بەشێکی تەمەنی لەپێشمەرگایەتی بردۆتەسەر و لەکاروانی خەبات بەچەک و وشە جەنگاوە، ڕوداوە نەخوازراوەکانی دوای ڕاپەڕین بەجۆرێک کاریگەریان لەسەری دەبێت کە بەزمانێکی تورە دەدوێت و تا ئەو ڕادەی ماڵئاوا لەنیشتمان دەکات کە ڕۆژانێک سەری بەم نیشتمانە بەخشیوە، شیعر جگە لەهونەرو وێنەی شیعری جوان، پەیامیشە بۆ دۆست و دوژمن، لای شاعیرانی شۆڕشگێڕ ئەرکی شیعر هیچی کەمتر نییە لە تفەنگی سەنگەر (شیعر یەک ئەرکی هەیە ئەویش دیفاعکردنە لەمرۆڤایەتی مرۆڤ لەجیهاندا)، (حمود، ١٩٩٦، ٢٣٩).

شاعیر ئەحمەدێ زەرۆ لەئەنجامی دیاردە دزێوەکانی دوای ڕاپەڕین پەنجە دەخاتە سەر برینەکان و بەشێوازێکی گاڵتەجاڕی ڕەخنە دەگرێ:

ئەفرۆ برا
باژارێ مە وارگەهەکە
فرۆشگەهەکا ئێنتیکەیە
تێدا هەن کەسن مرۆڤن
خۆماڵینە
دکەهینە
د ئەڤینێ دا پڕ کەلینە
کیڤێ تێدا چەرخادن
لەدور توخیبی (زەرۆ، ١٩٩٣، ژ٣٣٢).

شاعیری پێشمەرگە و دەنگی جەماوەر شێرکۆ بێکەس دەیان شیعری بۆ ئەنفال و کیمیاباران و ڕاپەڕین و کۆڕەو نوسیوە، لەهەمو ساتە دژوارەکان شاعیری بەرەنگاری و تێکۆشان بوە لەیەکێک لە شیعرەکانی تریدا بۆ ڕاپەڕین باس لە ئازادی و گەشانەوەی ژیان و جوانیەکانی ڕاپەڕین دەکات:

بەیانیەکی تری ئەوینەو، ئەوین ئەژی

بەیانیەکی تری زریوەی ئازادییەو... زریوەی ئازادی ئەژی
ڕۆژێکی تری قافڵەی چراو بەفرەو
چراو بەفری جەستەم ئەژی
یادێکی تری تەوار و هەڵۆکانی ڕاپەڕینەو
ڕاپەڕینیش وەکو شەقام و ماڵان و ڕەنگەکانی
ناو بەهار و وەکو دەنگی مناڵ ئەژی (بێکەس، ٢٠٠١، ژ٢٢٣).

شاعیرانی پەیوەست بە خەم و کۆڤانی نیشتمان هەمیشە قەڵەمیان هاوشانی دەنگی تورەی جەماوەر و تفەنگی پێشمەرگە بوە، دڵشاد ئەحمەدی شاعیر لەشیعرێکیدا بۆ ڕاپەڕین باس لە تورەیی هەمو چینوتوێژەکان دەکات کە لە ئۆردوگا زیندان ئاساکان و شەقام و کۆڵانە دیلەکان هاتونەتە مەیدان و پڕ بەدەنگیان بانگی ئازادی دەکەن:

وادەرکەوت،،، هەمو هاتن
بەتورەییەوە هاتن
لە دۆڵ و پێدەشتەوە هاتن..
لەناو ئۆردوگا و ماڵە پڕ ترسەکانەوە هاتن
لە سیلەی کۆڵانەوە..
لە شەقام و ماڵانەوە..
لە مزگەوت و خانەقاکانەوە هاتن..
لەکەنیسە و جەمخانەکانەوە هاتن..
هاتن..
بۆ ڕاپەڕین هاتن.. (ئەحمەد، ٢٠٠٢، ٢٢٣).

هەمزە بارام کە یەکێک لەپێشمەرگە دێرین و بەشداربوەکانی ڕاپەڕین لە ٤/٩/ ١٩٩١ لە سەنگەری بەرگری لە ڕاپەڕین لە داستانی کۆڕێ تاجی نەمری لەسەرنا، لەم شیعرەدا باس لە ئازایەتی شەهید و پیرۆزی قوربانیدانی دەکرێت و ڕێز لە تفەنگەکەی دەنرێت و لەهەمو کەس بەرزتر و جوانترە:

ئەوەی لەم شارە
وێنەی دەدا لەبەرۆک
با لەدەربەندی کۆڕێ...
بەدوای سیمای تۆدا بگەڕێ
ئەی شێخی ئەم وەرزە
بۆ ئەلبومی مۆرانە پێشێل کردو...
تفەنگی تۆ نەبا
سیلاوی کاروانی بێ قۆناغ...!
هەنگاوی بێ نیاز...
ئێستاکەش نیگایەکی بۆ دوای خۆی
هەڵنەدەبڕی
ڕۆندکی تەرەیی نەدەسڕی
خوێنی تۆی پێشمەرگە نەبا

نەهەنگی ئەنفال و نە ژەهرەبا
وەک دوێنێ... ئێستاکەش
ماڵ بەماڵی ئەم شارە هەر دەگەڕا...! (شەریف، ٢٠٠٩، ١٧).

شاعیری نیشتمان پەروەر ئەحمەد شێواو لە گەرمەی ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە ناو ئاپۆرای جەماوەردا بەدروشم و شیعری جۆشدان بەشداری ڕاپەڕین دەکات و لە٣/٥ بەم شیعرە هەستی خۆی بۆ ئەم ڕۆژە خۆشە دەردەبڕێت:

(پێنجی سێ) بو ڕۆژی خۆشی
ڕانیە بەرگی شادی پۆشی
یەکەم زەبری ڕاپەڕین بو
بۆ سەری بەعسی بێ دین بو
لەڕانیەوە خۆری کوردان
درەوشایەوە لەئاسمان
دەروازەکەی ڕاپەڕین بو
لەداگیرکەرمان بەقین بو
نەما ناکۆکی و ناخۆشی
گەل بادەی ئازادی نۆشی
بمرێ نۆکەری بێگانە
بەرەی باڵا پێشرەومانە (عەزیز، ٢٠١٢، ١٢٧)

شاعیر لەم کۆپلە شیعرەیدا باس لەڕۆژی ٣/٥ ی ١٩٩١ دەکات کە یەکەم بڵێسەی ڕاپەڕین لەم شارە هەڵگیرساو ڕژێمی بەعسی لەم شارە ڕاماڵی و ئەم شارە بو بەدەروازەیەک بۆ ڕاپەڕینی سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان، کە بەهۆیەوە خەڵکی کوردستان ئازاد بون.

شێواو لە شیعرێکی دیکەدا بەناوی (مژدەبێ) مژدەی ئازادی و سەرفرازی ڕادەگەێنێ و دڵخۆشی خۆی نیشان دەدات کە لە سایەی ڕاپەڕین پرشنگی ئازادی نیشتمانی ڕۆشن کردوە و بەری خوێنی شەهیدان نەمامی ئازادی ڕواندوە و خۆشی و شادی گەڕاوەتەوە نیشتمان، وەک دەڵێت:

بۆ وڵاتێکی وێران و داگیرکراوە، مژدەبێ
بۆ گەلێکی زۆر لەمێژە بەشخوراوە، مژدەبێ
ئۆخەی، لەدوای ڕاپەڕین و خەباتی ئەم میللەتە
دیم لەسەر گۆڕی شەهیدان گوڵ ڕواوە، مژەبێ (عەزیز، ٢٠١٢، ١٢٣)

## ئەنجام

١- ڕاپەڕین ئەنجامی ستەم و نەبونی یاسا و دادگەری و یەکسانییە لە هەمو کۆمەڵێکدا، کە بێزاری و ڕقی جەماوەر بەری پێناگیریَ و زۆرداران دەبیَ لە ئاستیان بێتە سەر چۆک.

٢- ڕاپەڕینی ١٩٩١ی کوردستانی باشوریش دژ بەڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن، ئەنجامی خوێنمژی و سیاسەتی تەعریبی و تەبعیس و ڕاگواستنی خەڵکی کوردستان بو لە زێدی خۆیان لەڕۆژی هاتنە سەر حوکمیان لە ساڵی ١٩٦٨ەوە.

٣- ئەدەبیش کە ڕەنگدانەوەی هەمو ڕوداوەکانی ناو کۆمەڵە، ڕۆڵی بەرچاویش دەبینیَ لە جۆشدانی کورەی ڕاپەڕین، بەدانانی شیعر و سرود و دروشمی حەماسی بۆ هاندانی جەماوەر، لەکاتی سەرکەوتنی ڕاپەڕینیش دەنگی زوڵاڵی جەماوەرە.

٤- شیعری کوردی پێش ڕاپەڕین وەک هەمو بونەوەرێکی تر لەژێر سێبەری سانسۆردا بە ڕەمز دەنگی ناڕەزایی دەربڕیوە لەشارەکان و لەزیندان و لەشاخەکانیش دەنگی دلێر و بەرەنگاری بوە.

٥- شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین چۆتە قۆناغێکی دیکە و خەمی چەوسانەوە و ستەمی نەماوە، بەجۆرێکی دیکە هەستی خۆی لەئاست دیاردە جوانەکانی دوای ڕاپەڕین دەربڕیوە، لە ئاست ناشرینەکانیش هەڵوێستی ڕەخنەگرتنی خەمخۆرانەی هەبوە.

# Reflection of 1991 Uprising in Kurdish

**Abdulwahid Idrees Shareef**
Kurdish Language Department, faculty of Education, Koya Universty, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
E-mail: abdulwahid.idrees@koyauniversity.org

**Abstract:**

PoetryThe 1991 Uprising in Iraqi Kurdistan is substantially reflected in all aspects of life: social, political, economical and literature. In this study, we discuss the reflection of that uprising in Kurdish poetry. This study is comprised of three chapters. First, in Chapter I, we discuss the concept and definition of uprising in general where we gave examples of uprisings worldwide. In Chapter II, which is further divided into two parts, we discuss two great uprisings took place in Southern Kurdistan. In the first, we discuss the uprising took place in front of Sulaimaniya Serail on September 6th, 1930. In the second, we discuss the 1982 uprising in Qaladze town. Chapter III is divided into three parts. The first part discusses Kurdish poetry before the uprising giving a number of poems as a sample. The second part discusses the history and background of the 1991 uprising. In the third part, we show the reflection of the Uprising in Kurdish poetry supported by several poetic samples. Finally, I mentioned the study conclusions and references.

**Keywords:** Freedom, Uprising, Blood, Martyr, Injastice.

## سەرچاوەکان:

ئاگرین, عبدالله، شیعری سیاسی کوردی، لەباکوری کوردستان، چاپی یەکەم، ١٩٩٦.
ئاشنا, ئومێد، پیرەمێرد و پێداچونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.
ئاغجەلەری, پشکۆ محمد تاهیر عبدالرحمن، ڕاپەڕینی کەرکوک (١٩٩١)، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
ئەحمەد, کەژاڵ، بەندەری بەرمۆدا، چاپەمەنی زامۆ، سلێمانی، ١٩٩٨.
ئەسەسەرد, فەرید، ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٣.
ئەمین, جەمال محمد، دیوانی حەمدی، چاپی یەکەم چاپخانە و ئۆفیسی سەرکەوت، سلێمانی، ١٩٨٤.
ئەحمەد, حسێن مەولود، دیوانی شەهید مەلا عەلی، چاپی دووەم، چاپخانەی زامۆ، ١٩٩٧.
ئیلنجاغی, جلال، لەشاخەوە بۆ شار، چاپ تاران، ٢٠٢١.
بابان, دادوەر تەها، کۆستی شارێک، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٤.
بابان, کەژاڵ ئیبراهیم، شەڕ و ئاشتی پەنجەکان، چاپخانەی ڕوناکبیری، سلێمانی، ٢٠٠٠.
بایز, ئەرسەلان، سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
بایز, ئەرسەلان، ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی (١٩٧٥-١٩٩١)، چاپخانە و ئۆفیسی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠١.
بێکەس, شێرکۆ، بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، چاپخانە و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی.
بێستوون، ڕووبەڕوو لەسێبەری چیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، چاپخانەی شەهید عبدالخالق مەعروف، چاپەمەنی شاخ، ١٩٨٦.
پەشێو, عبدالله، هەسپم هەور و ڕکێفم چیا، چاپی سێیەم، چاپ و کتێب فرۆشی زانکۆ و چرا، ٢٠٠٨.
پیربال, فەرهاد، شیعری نوێی کوردی (١٩٥٨-١٩٨٩)، دەزگای کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٥.
پشدەری, قادر محمد، مێژووی شارستانیەت، چاپی شەشەم، ٢٠١٠.
جوانڕۆیی, محمد ئەمین مەلا عەزیز، دیوانی سدیق جوانڕۆیی، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٧.
حبیب الله, نهاد جەلال, پوختەی مێژووی ئەوروپا لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ، پ.د. جفری برۆن، چاپخانەی ناوەندی ڕۆشنبیری هەولێر، ٢٠٠٩.
حسێن, ئەحمەد، گەڕانەوەی زەردەپەڕ، کۆمەڵە شیعری ئەحمەد حسین.
خۆشناو, ئەبوبەکر، شیعری بەرەنگار بوونەوە (١٩٧٥-١٩٩١)، چاپخانەی ڕوناکبیری، سلێمانی، ٢٠٠٢.
دیلان، بەرهەمی بڵاونەکراوە و لەیادنەکراوی ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا، کۆمپیوتەری ئەستێرە، ١٩٩٦.
ڕەنجاو, محەمەد، دارمانی خەونەکان، سلێمانی، ١٩٩٨.
ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠١١.
شەریف, عەبدولواحید ئیدریس، چریکەی سۆز و ئاواز، هونەرمەند حەمە جەزا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١١.
شەریف, عەبدولواحید ئیدریس، وەرزە بێوازەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩.

عەباس, جلیل، ڕاپەڕینی ١٩٩١ و کاردانەوەی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، گۆڤاری کاروان، ژمارە ١٥٥، هەولێر، ئاداری ٢٠٠١.
عەزیز, نیازی حەمە، خەونی شادی، شیعرەکانی ئەحمەد شێواو، چاپخانەی ئاکام، سلێمانی، ٢٠١٢.
عبدالکریم, محمد مەلا، دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨٠.
عبدالواحید, ئازاد، دیوانی شێخ نوری شێخ سالح، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.
مەرزنگ, عبدالرزاق، ڕاپەڕین و بەهاری ئازادی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤.
مەزهەر, د. کەمال، ڕینسانس، چاپی سێیەم، ٢٠٠٦.
مەلا کەریم, محەمەدی, ڕێکی خستووە و سەرپەرشتی لە چاپدانی کردووە، شێرکۆ بێکەس، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ١٩٧٠.
مستەفا, د. محمد فازل، دەنگی پیرەمێرد لەبزوتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.
مستەفا, ئاراس عبدالرحمن، ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لەباشوری کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.
موکری, کامەران، گوڵاڵە سوورە، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧١.
نەوار, عبدالعزیز سلێمان و نەعنەعی, عبدالمجید، مێژووی هاوچەرخ, وەرگێڕانی خالید هەرکی، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر، ٢٠٠٩.
هەڵمەت, لەتیف، دیوانی لەتیف هەڵمەت، سلێمانی، ١٩٩٩.
حمود, د. محمد, الحداثه فی الشعر العربي المعاصر، الشرکه العالمیه للکتاب، بیروت، ١٩٩٦.
شەریف, حەمید، حیاة الدور السیاسي والثقافي، توفیق وهبی، هیوا بنکەی ژین، سلێمانی، ١٩٨٤.
قبانی, نزار, مع ممیزات العکش، اسئله الشعر، المؤسسه العربیه للدراسات والنشر، بیروت، ١٩٧٩.
سیانلو, محمد علی، چهار شاعر ازادی، تهران، انتشارات نگاه.
شاملو, احمد، شمس لنگرووەی، تاریخ احلیلی شعر نو، جلد ٤، تهران نشر مرکز، ١٣٧٨.
غیائی, د. محمد تقی، بل الوار، ای ازادی، تهران، انتشارات مراوید، ١٣٥٧.
پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، شێرکۆ بێکەس، ژمارە ٢٢٣، ٢٠٠١.
پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، دڵشاد ئەحمەد، ژمارە ٢٢٣، ٢٠٠٢.
کوردستانی نوێ،ئەحمەدی زەرۆ، ژمارە ٣٣٢، ساڵی ١٩٩٣.
فۆکۆ، و. لەفارسی ڕێبین هەردی، گۆڤاری سەردەم، ژمارە ١٥.
عەلی, عبدالله عەلی، چاوپێکەوتنی ڕوو بەڕوو لە٢٠٢٢/٢/١/ بەشداربووی ڕاپەڕینی قەڵادزێ لە ١٩٨٢.
فەرەج, د. خالیدە، کۆ وانە، ئەدەبی نوێ، پۆناغی سێیەم، ٢٠١٠-٢٠١١.
مەولود, م. ڕێزان سالح، کۆ وانە، ڕێبازە ئەدەبیەکان، قۆناغی دووەم، ٢٠٠٩-٢٠١٠.

# پاشکۆی توێژینەوە

## کۆمەڵێک وێنەی ڕۆژانی ڕاپەڕین

چونکە خۆم یەکێک بوم لەپێشمەرگەکانی ڕاپەڕین، لەبارەگاکەمان لە گوندی (نۆکان)ی سەرسنور ڕۆژی ۱۹۹۱/۳/۵ وەک هێزێک بەڕێ کەوتین بەرەو ڕانیە، بەڵام ئەو ڕۆژە نەمانتوانی و ڕێمان لێگیراوبو، بەیانی ٣/٦ ڕەبایە و مقەڕ فەوجی سونێ گیرا، ئەوسا بەرەو ڕانیە بەپێ هاتین، لەڕێگا هەندێ سەیارەی تر کە خەڵکی هێنابو لەترسی کاردانەوەی دوژمن ڕایان دەکرد، بەو سەیارانە هاتین بەرەو ڕانیە، ئەو سەربازگە و سەنگەرانەی دوژمن کەلەسەر ڕێمان بو، هێرشمان دەکردە سەر وەک فەوجی (قالاوە) لەنزیک سەنگەسەر، ڕۆژانی پێش ڕاپەڕین بەشێک لەهاوڕێکانمان بەپارتیزانی هاتبونە ناو ڕانیە و سەرجەم شارەکانی تر، ئێمەش کە هێزێکی زۆر بوین بەهانای خەڵکی ڕاپەڕیو گەیشتین، من کامیرای خۆمم پێ بو لەیەکەم مقەڕ فەوجی سەربازی لەنزیک (سونێ)وە وێنەم گرت تاگەیشتینە شاری کۆیە لە۱۹۹۱/۳/۹، بەشێک لە وێنەکانم ماوە کە لێرە پێشکەش بەئێوەم کروە.











كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكانی كوردستان لقی كەركوك

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036 گۆڤاری زانکۆی راپەڕین Journal of University of Raparin









سەنتەری ڕوناکبیری پێشمەرگە - کۆیە








سەنتەری روناکبیری پێشمەرگە - کۆیە






سەنتەری ڕوناکبیری پێشمەرگە ـ کۆیە




سەنتەری ڕوناکبیری پێشمەرگە ـ کۆیە








سەنتەری رۆناکبیری پێشمەرگە - کۆیە


سەنتەری رۆناکبیری پێشمەرگە - کۆیە

